بەڕێز: عومەر عەزیز بەرپرسی سایتی کوردستانێت

سلاّو و ڕێز

بەر لە هەر شتێك ماندووبوونەبوونی و دەستخۆشییەکی گەرمتان ئاراستە دەکەم، چونکە ئیمرۆ ماڵپەرەکەتان بووەتە سەکۆیەکی ئازاد بۆ دەربڕینی هەموو چەشنە بیروڕایەك و بیّگومان یەکیّ لە پرخوێنەرترین سایتەکوردییەکانە. بەڕێزان بەر لە زیاتر لە مانگێك هەڵمەتێکی باشتان دەست پێکرد بۆ نارەزایی دەربڕین لە بەرامبەر لێدوانە دوور لە ڕەوشتەکانی ڕۆژنامە تورکییەکان لە سەر سەرکردایەتی کورد، بە جۆرێك کە بە سەدان نامە بە شێوەیەکی ئوتوماتیك ئاراستەی ئەو ڕۆژنامانە کرا. ئێستاش کە باس و خواسی هاتنی سوپای تورك بۆ باشووری کوردستان لە ئارا دایە و هەردوو حزبی سەرەکیش بە ڕژدی دژی هاتنی ئەم سوپا داگیرکەرە وەستاون، پێشنیار دەکەم کە هەڵمەتێکیتر لە سایتەکەتان دەست پیّ بکرێت کە تیایدا بە هەزاران ئیمێل ئاراستەی وەزارەتەکانی دەرەوە و بەرگریی ئەمەریکا بکرێت و نارەزایی گەلی کورد لە باشوور بۆ هاتنی سوپای تورك بۆیان ڕوون بکرێتەوە. بێگومان زانینی ڕای گشتی دەڤەرەکە لەسەر ئەم بابەتە کاریگەریی لەسەر بریاری ئەمەریکا دەبێت، چونکە لە بەرژەوەندی ئەمەریکادایە کە گەلانی عێراق لە خۆی ڕازی بکات و خۆی لەچەشنی ڕزگارکەر بنوێنێت نەك داگیرکەر.

بەو هیوای پێشنیارەکەم بە هەند وەرگرن.

لەگەل ڕێزمدا

براتان

ئازاد دەربەندی

2003/2/18

زۆر هێژا کاك ئازاد دەربەندی:

زۆر سوپاس بۆ نامەکەت، بەڕێز هیوادارین بە زوترین کات داواکەت بەجێبهێنین وبنوانین فۆرمێك لەسەر کوردستان نێت دابنێین کە خوێنەران بتوانن نارەزایی خۆیان دەربارەی هاتنە ناوەی سوپاس تورك بۆ کوردستان، دەربڕن و ڕاستەوخۆ نارەزاییەکەیان بەدەست کاربەدەستانی ئەمەریکی بگات.

برات عومەر فارس